# بنەماکانی ستەمی ڕەگەزیی لە ژنان

هەژێن

٦ی ئازاری ٢٠١٤ *

"ڕەگەز" بەپێچەوانەی بەکاربردنی باوی نێو ئەدەبیاتی کوردی، واتای "ڕەچەڵەك" و "نەژاد" ناگەیێنێت، ڕەگەزپەرستی گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕەگەز (جێندەر) و پێداگرییە لەسەر شوناسە کولتوورییەکانی ڕەگەز، ئەوەی کە پیاو شانازیی بە دەسەڵات و بەرتەری ڕەگەزەیی خۆیەکەوە دەکات، یا ئەوەی کە ژنان بۆ ڕزگاربوونیان لە هەڵاواردن پەنا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕەگەز و سەنگەرگیری ڕەگەزیی دەکەن، بۆخۆی ڕەگەزپەرستییە. بە هەمان شێوەی ئەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستی دەوڵەتێکی داگیرکەر، بۆ ڕزگاربوونی مانا بۆ هەمان چەکی داگیرگەر (ناسیونالیزم) دەباتەوە و خۆی دەخاتەوە ژێر چەکمەی ئاسنینی دەوڵەتێکی دیکە بەناوی خۆیەوە، ژنانیش دەستەوداوێنی ڕەگەزپەرستی دەبنەوە و لە جیاتی دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی و تێکۆشان دژی کۆنەپەرستی باوکسالاری و هەڵاواردن، دەکەونە دژایەتی ێشت پیاوان، هەروەك چۆن تاکی ناموشیاری نەتەوەی ژێردەست، لە جیاتی تێکۆشان ێی دەوڵەت و ستەمی نەتەوەیی، دەکەونە دژایەتی هەموو تاکەکانی نەتەوەیەك، کە دەوڵەتی داگیرکەر بەناویانەوە خۆی قوتکردووەتەوە یا ئەوەی کۆچەران لە جیاتی دژایەتیکردنی بنەما ئیدئۆلۆجییەکانی ڕەیسیزم و دەستی شاراوەی دەسەڵات لە پشت بزاڤی دژە کۆچەرەوە، پەنا بۆ دژایەتیکردنی نەژادپەرستی تاکەکانی کۆمەڵگەی پەنادەر ، بە یەکگرتنی نەژادپەرستانەی خود، دەبەن.

ستەم و هەڵاواردن لەسەر و بەرامبەر ژنان، ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی کولتووری و ئابووریی ـەیە، کە تێیدا ئایین و ترادیسیۆنە نەتەوەییەکان و خێزان ـ هونەر و ـەدەب و تەنانەت زمانی نەتەوەش گەورەترین ڕۆڵیان لە زیندووراگرتن و پەرەپێدانیدا گێڕاوە و دەگێڕن و ئەو پێشینە کولتوورییە وەك خەزێنەیەك لەلایەن ڕێکخستنی ڕامیاریی هاوچەرخ (فەرمانداریی ـ دەوڵەت)ەوە پارێزراوە و لە ڕگەی دەزگە و یاسا و پێکهاتە سەروخوارییەکانەوە واوەتر پەرەپێداوە و نۆژەنیانکردووەتەوە و تا ئاستی تێکەڵەیەك لە ستەمی کولتووریی-ئابووریی-ڕامیاریی پەرەپێداوە و سیستماتیکیان کردووەتەوە و جارێکی دیکە بەناوی سەروەری یاسا و پاراستنی پیرۆزییەکانی ئایین و ڕێسا و سوونەتە نەتەوەییەکانەوە، کۆمەڵایەتییان کردووەتەوە و بە هەموو واتا دەزگەییەکانییەوە پارێزگاریی و پێداگریی لەسەر دەکەن.

بەڵام بەداخەوە، وەك هەر دیاردە و بوونێکی دیکەی دەستکردی کولتوور و سیستەمی ڕامیاریی، لە نەبوونی خۆموشیاریی تاك و لە هەلقۆستەنەوە و بەلاڕێدابردنی دەستەبژێر و گروپە ڕامیارییەکانەوە، کاردانەوە و نارەزایەتییە سەرەتاییەکانی دەرەوەی هوشیاری خودی تاك وەك ئاڵاهەڵگری ئەو نارەزایەتییە بەرجەستەدەکرێن و دەبنە بەربەست لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی نارەزایەتی ڕادیکاڵ، بۆ ئەوەی کە خەباتی ڕەوا و شۆڕشگێڕانەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەی هۆکارە بنەڕەتییەکانی ستەمگەرییەك کە لێیان دەکرێت و بکەری سەرەکی نەکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە سیستەمی زاڵدا دەیان هەوڵی ـەو جۆرە دەدرێن و هەر یەکە ناوێکی لێدەنرێت و دەیان ڕێکخراوە قوتدەکرێنەوە، کە ئەگەر دەنگی نارەزایەتی شەقامەکان نەبن، ئەو ڕێکخراوانە بێجگە لە کوتەکی دەستی دەسەڵات بۆ سەرکوت و بەلاڕێدابردنی نارەزایەتییەکان هیچی دیکە نەبوون. لە بارە ـی ئەم پرسەوە لە دوادەمەی سەدەی ڕابوردووەوە تا ئەم ڕۆژە بینەری دەیان نموونەی زیندوو و لەبیرنەکراوین، کە ڕێکخراوە پاشکۆکانی پارتە ڕامیارییەکان بەناوی ژنانەوە، تەنیا ئەرکیان سەربازگیریی ژنان بووە لە پارتەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەنێو ژناندا بە بەراورد بە پیاوان لەو پەڕی پتەوی و خۆڕاگرییدابوون، ڕەوایەتیدان بە کوشتنی ژنان و تیرۆر و ڕەشەکوژییان و پاساوهێنانەوە و بێدەنگەلێکردن یەکێکی دیکە بووە لە ئەرکی ئەو ڕێکخراوانە**.

**نەبوونی ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە کولتوور لەنێو ژنانی نارازی**

بەداخەوە، پاش ئەوەی کە ژنان بە کردەوە لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا هاتنە مەیدان و چەك لە شان داخوازی ئازادی و یەکسانیان بە گوێی ـەڵگەدا دا و ساڵانە یادی ڕۆژی ٨ی مارچ بوو بە دیاردەیەکی جێکەوتوو، کەچی هێشتا ڕەخنەی کەسانێك کە خۆیان بە

قسەکەری بزووتنەوەکە دەزانن، ئاستی هوشیاریان لە دژایەتی باوك و هاوسەر و داوای گۆڕینی چەند بەندیکی یاسا و کورتکردنەوەی ئازادی لە پۆشینی جۆرێك پۆشاك و کورتکردنەوەی یەکسانی لە یەکسانی مووچەی کۆیلەتی، تێپەڕینەکردووە و هێشتا شتەکان بە ڕەش و سپی جیادەکەنەوە.

هەڵبەتە گرفتەکە تەنیا لەوەدا نییە، کە ئەو ژنانە نایانەوێت، بەڵکو لەوەدایە، کە لەبەر دەمارگیریی ناسیونالیستانەیان نەیانوێراوە و وەیان دەرکنەکردووە، کە ڕیشەکانی ستەم لە پێکهاتەی خێڵەکی کۆمەڵگەکەیاندایە. نەك بە تەنیا ە بە شێکی سەپێنراوی کولتوورەکەدا، کە ئایینە. ئەوان بۆ دەرکێشان و خاوێنیشاندانی لاقی نەتەوەپەرستییان لە لیتەی (ستەم لە ژنان) هەموو هەوڵێکیان بۆ دژایەتی ئایین و ناکوردبوونی ئایینەکە تەرخانکردووە. نائاگا لەوەی کە لەو ئایینانەدا کە ئەوان بە هی نەتەوە چێکراوەکەیان دەیزانن، هەرگیز ژنان هاوتای پیاوان نەبوون و ئێستاش پاش هەزارانساڵیش هەر ناین.

وەك هەمووومان دەزانین، ئایین بەشێکە لە کولتوور نەك پێچەوانەکەی. کاتێك کە ئایینێك پێچەوانەی کولتوورێك بێت، هەرگیز بە ئاسانی ناتوانێت گشتگیرببێتەوە، هەروەها بە سەرنجدانێکی خێرای ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، دەبینین وێڕای ئاینداریی قوڵی ئەو ناوچانە، کەچی ژنکوژی و مامەڵەکردن بە ژنانەوە وەك سەرمایە و مەڕومالآت [ ن بە ژن و گەورە بە بچووك] تیایاندا نییە و ئەگەر هەشبێت تەنیا بە تێکەڵاوبوونی ناوچەکانی دیکە پەڕێوەتەوە و لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە وەك دیاردەی ناوازە لەبەرچاودەگیردرێن. اِستە کولتووری خێڵ [پیاوسالاری] توانیویەتی ئایین لە خزمەتی دەسەڵاتەکەیدا بەکاربەرێت [بەتایبەت ئەو ەشانەی ئایینەکە، کە لە نێوان ەرایی کورد و خێڵگەرایی بیابانی عەرەبیدا یەکانگیردەبن؛ ژنکوشتن، ژن بە ژن، گەورە بە ك، ژن لە جیاتی خوێن] جۆرە دەبینین، پاگەندەی ژنانی ناسیونالیست، ئەوەی کە ئایینێك بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ژنان دەبینن، هەم لە بەرامبەر ئەو دوو بەڵگەدا [لە کاتێکدا کە ئایین بەشێکە لە کولتوور، چۆن توانی ببێتە ئەلف و بێی سەراپای ژیانی کۆمەڵگەی جیاواز؟ هەروەها بۆچی ناوچەکانی دیکە، وێڕای زیاتر ئایینداربوونیان، کەچی ئەو دیاردانەیان تێدا نین، کە لەوانی دیکەدا هەن؟] دەمیان دەبێت بە تەڵەی تەقیو و هەم بیانەوێت و نەیانەوێت، خەریکن ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی سەرووخەڵکی بەناوی نەتەوەوە دەدەن و دەیانەوێت بڵێن، هەموو خراپییەکانی کولتوور و دەسەڵاتەکەیان، بۆ ئەو ئایینە دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو نەبێت، ئەوا لە سایەی سەروەریی بۆرجوازی کورددا یا سەروەریی دەوڵەتی سێکیولاری چەپەکاند ، ئیدی ژنان بە ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنە دەگەن، ئەوان نائاگان یا دەیانەێت ئەوە بشارنەوە، کە ئاڵای بۆرجوازی هەر نەتەوەیەك لەسەر باجی سێکسفرۆشخانەکان و زێدەبایی کاری ژنان وەك پیاوان، دەشەکێتەوە و لە دەوڵەتە سێکیولاریستەکانی ئەوروپادا ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە پاشکۆن و مووچەی ژنان تا نزیکەی ٢٥% لە هی هاوکارە پیاوەکانیان کەمترە !

چوونی من، ئەو دەنگانە ئەگەر دەستکردی فەرمانداریی بۆرجوازی کورد نەبن، ئەوا لە نارۆشنیی و کەم دەرکییانەوە سەرچاوەدەگرن. هەڵبەتە من نامەوێت ئەو خۆشباوەڕییە لەلای خوێنەری ئاییندار دروستبکەم، کە ئایین بەو تاوانە بەرامبەر ژنان دەستی خوێناوی نەبووە و نییە ! نا و نەخێر، ئایین وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی کولتوور، زۆرترین بەشی تاوانی بەردەکەوێت. من تەنیا دەمەوێت لینکی نێوان ئایین و کولتووری خێڵگەرایانەی کوردان نیشانبدەم، کە لەو ناوچانەی کە خێڵگەرا نین یا خێڵگەرایی لاوازبووە، وێڕای ئامادەیی تەواویی ئایین، کەچی ژنکوژی یا نییە، یا ئەگەر هەشبێت، زۆر دەگمەنە و هاوردەی خێڵگەرایی ناوچەکانی دیکەیە. ژنکوشتن کولتوورە و فشاری کولتوورە، کە باوك و برا و هاوسەر دەکاتە ژنکوژ ! بۆ دەرککردن و دیتنی ئەو ڕاستییە، دەتوانین زۆر بە ئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆچەرە کوردەکانی ئەوروپادا ئەوە ببینین، ڕەفتاری ئەوانەی کە لە کۆمیونیتی کوردییەوە دوورن لەتەك ئەوانەی کە لەنێو کۆمیونیتی کوردیدا دەژین، جیاوازە، توندوتیژی و دواکەتوویی و زۆر شتی دیکە زۆر دەگمەنن، تەنانەت دەتوانین ئەو جیاوازییە لەنێوان ئەو ئەو خێزانە کوردییانەی کە بەردەوام وابەستەی کاناڵە تەلەفزیۆنییە کوردیی و عەرەبی و تورکییەکانن و ئەو خێزانانەی کە هیچ وابە ـتەییەکیان بەو کاناڵانەوە نییە، بە ڕۆشنی بەدی بکەین. هەروەك کاتی خۆی لە بارەی کوشتنی کیژەکەی "خولە کۆمەڵە" و خۆخستنەخوارەوەیدا نووسیم "ئەوە تەنیا خولە کۆمەڵە نەبوو، کە کیژەکەی کوشت، بەڵکو ئەوە هەموو کۆمیونیتی کوردی بوو، هەموو کۆمەڵگەی کوردی بوو کە کیژەکەی ئەوی کوشت"، من لە کوشتنی هەر ژنێکدا تەنیا کەسێك یا چەند کەسێك

تاوانبار نازانم، بەڵکو کۆی کۆمیونیتییەکە، کۆی ڕاگەیاندن و دەسەڵات و پارتەکان و کولتووری خێڵ و ئایین بە بەشدار و دنەدەری تاوانەکان دەزانم.

هەروەها ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین، کە ژنکوژی و نەهامەتی ژنان وێڕای ئەوەی کە بەهۆی نەخشەکانی ڕژێمی بەعس [ڕاگواستنی گوندەکان و شارنشینکردنی زۆرەکییانەی جوتیاران] و درێژبوونەوەیان لە ئەم ڕۆژەماندا، کەچی کوشتن و ڕەشەکوژی ژنان، بە بەراورد بە سەردەمی دەسەڵاتداریی شێخ و مەلا و فەقێ، سەدان جار زیادیکردووە و تەنانەت بە بەراوردێکی خێرای نێوان سەردەمی ڕژێمی داگیرکەر و ڕژێمی بەناو "خۆیی"، دەبینین دیاردەی کوشتنی ژنان دەیان جار زیادیکردووە، کە دەبوو بە پێی پاگەندەی ناسیونالیستەکان و لۆجیکی گۆڕانی ژێرخانی ئابووریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ژنان و خێزان [بێکاربوونی جوتیاران و پەیوەستبوونیان بە ڕیزی کرێکارانەوە] و سەرخانەکەی [جێگرتنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی بۆرجوازی نێوخۆییەوە] کوشتنی ژنان و نالەباریی ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتییان بەرەو باشبوون بگۆڕدرایە. ئەمە بێجگە لەوەی کە بە بەراورد بە سەد، پەنجا یا بیست ساڵی ڕابوردوو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئاییندار لاوازبووە و دەنگی دژە-ئایین و بێئایین زیادیکردووە و ئاشکراتر بووە، کەچی ژنکوژی ساڵ و مانگ و هەفتە و ڕۆژ و سات و چرکە پاش چرکە، بەپێچەوانەوە لە پەرەسەندندایە.

بە بۆچوونی من، هەم بە لۆجیکی پاگەندەی ناسیونالیستەکان و هەم لۆجیکی ڕووداوەکان و کەتوار، شان بە شانی کوشتنی ژنان تەنیا ەك شت لە تەشەنە و قوڵبوونەوەدا بووە و هەیە، ئەویش دەمارگیریی ناسیونالیستییە و وەك دەزانین یەکەمین پەیامی دەسەڵاتی پارتە ناسیونالیستەکان و بۆرجوازی کورد لە یەکەمین ڕۆژەکانی پاش ڕاپەریندا، بۆ کۆمەڵگەی کوردستان تێکشکاندنی ڕاپەڕین و هێزە شۆڕشگێڕەکەی [بزووتنەوەی شورایی] و ڕەشەکوژی ژنان بوو. بەپێچەوانەی پاگەندەی ژنە فێمینیستە دەسەڵاتخوازەکانەوە، بە بەراورد بە جاران ئایین ڕوو لە کزییە و ژنکوژی لە زیادبووندایە، بە پێچەوانەی پاگەندەی چەپەوە، ئایین تەنیا پایەیەکی کولتوورییە و ئەگەر کۆمەڵگە بەخۆی ئامادەیی پەسەندکردنی ژنکوژی نەبێت، ئەوا هیچ ئایدیۆلۆجیایەك کارایی لەسەری نابێت و ناتوانێت بەوە ناچاری بکات. ئەوەی کە هەموو پاگەندەکەرانی بۆرجوازی کورد [ناسیونالیستەکان و فێمینیستەکان و چەپەکان] نایانەوێت ڕۆشنایی بخەنەسەر، دیوی دژەمرۆییانەی کولتوورە، کولتوورێك کە هەموو تاکەکانی کورد هەر یەکە بە ڕێژەیەك تێیدا بەشدارە و لە تاوانەکانیشدا کە پاساوی کولتوورییان بۆ دەهێنرێتەوە [لەوانەش کوشتنی ژنان]، هەمووان بەشدارین؛ بەشدارین ئەگەر بێدەنگە هەڵبژێرین و نەمانەوێت هۆکارە بنەڕەتییەکەی دەستنیشانبکەین، کە تاوسەندنی ناسیونالیزمە [نەتەوەپەرستی وەك درێژبوونەوە و پەرەسەندی ڕەوتی خێڵگەرایی مرۆڤی ناهوشیار].

**نەبوونی یا نەچوونەپای ڕەخنە لە ڕۆڵی ڕامیاربازی و دەسەڵاتی ڕامیاریی لە ستەم و هەڵاواردنی ژناندا**

یەکێکی دیکە لە لاوازییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، نەبوونی ڕەخنەی ڕادیکاڵە لە پێکهاتە قووچکەییەکان یا قووچکەییبوونی پێکهاتەکان، ئەو پێکهاتانەی هەردەم بەرتەریی و سەروەریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا دەسەپێنن و دەپارێزن، کە خێزان هەرە کۆنترین و بنەڕەتترینە بۆ ئەوانەی دیکە. خێزان لەو کۆمەڵگەیانەدا کە ژنان دارای هیچ سەرچاوەیەکی ئابووریی بۆ گوزەران نین و لەو ڕووەوە وابەستەن، بەگشتی پێکهاتەی خێزان نائاسۆیی [قووچکەیی]یە و ئەگەر پیاو سەروەری خێزان نەبێت، ئەوا بە هەمان باری نیگەتیڤدا ژنان سەروەرن. پاشان سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە باخچە و خوێندگەکاندا هەمان پێکهاتەی قوچکەیی هەیە. لە شوێنی کار و فەرماندا هەمان پێکهاتە پەیوەندییەکان ڕێکدەخات و لە سەرووی هەموو ئەوانەوە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە [سیستەمە ڕامیارییەکە] لەسەر هەمان بنەمای سەروەر و ژێردەست ڕێکخراوە و پارلەمان وەك دەزگەیەکی باڵای ڕەوایەتیدان هەمان ما و پێکهاتەی سەروو و خواری هەیە، کەچی ژنانێك کە پاگەندەی ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی دەکەن، هیچ گرفتێکیان بەرامبەر ئەو پێکهاتانە نییە و بە پارێزەر و ئاراستەگەری نایەکسانییەکانیان نازانن. وەها تێڕوانینێکی ڕواڵەتییانە بۆ ئازادی و یەکسانی سەرنجی لەسەر بنەما ئابوورییەکانی نایەکسانی لاداون و دەستەوداوێنی سەرۆکی باش و پارتی باش و پارلەمانی باش و فەرمانداریی باشی کردوون و ئەمەش بە نۆرەی خۆی کردوونییەتە پاشڕەوی هێزە دەسەڵاتخوازەکان.

**نەبوونی خوێندنەوە و دەرکنەکردنی ڕۆڵی ژنانی ڕامیار و دەسەڵاتدار لە ڕاگرتنی ستەم و هەڵاواردنی ژناندا**

بەپێچەوانەی پاگەندەکەرانی شارچییەوە، کە کوشتنی ژنان بۆ لادێیبوون و لادێییەکان دەگێڕنەوە، مەڵگەی کوردی سەرەتای ەزارەی سێیەم، هەمان کۆمەڵگەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم نییە، کە ئاخا پیاوەکان بە پشتیوانی مەلا و شێخ و میرزاکانیان بڕیاردەری یەکەم و دوایین بوون. هەنووکە ژنان کرێکار، مامۆستا، پارێزەر، بەڕێوەبەر، شارەوان، ڕامیار و ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی و نووسینگەی ڕامیاریی پارتەکان، پارلەمانتار و بازرگان و خاوەن کۆمپانیان. ژنان ەك هەر لەو پێکهاتە قوچکەییانەدا بەپێی توانا ئابوورییەکەیان دەسەڵاتدارن، بەڵکو سی ساڵێك لەمەوبەر تەنانەت ژنی سەرۆك-خەفیفە هەبوو و لە ئەم ڕۆژەشدا کەمینەیەك لە نان هەروەك پیاوان بە پێی ڕێوشوێن و توانای ئابوورییان لە دەسەڵاتدان و خەریکی جادووگەریی ڕامیارین و لە ستەمگەریی سیستماتیکی سەر ژناندا هاوبەش و هاوکاری پیاوانی ڕامیار و دەسەڵاتدارن. ژنان وەك لیس و ئەشکەنجەدەر و فەرماندەر و بەڕێوەبەر و پارلەمانتار و ئەندامی باڵای پارتەکانن و وەك پیاوە هاوکار و هاوپیشەکانیان پێداگریی لەسەر پلەدوویی ژنان دەکەن و ڕەوایەتی بە نایەکسانییەکان دەدەن. بیشتن لەوەها هەڵوێست و هاوبەرژەوەندییەك زۆر ئاسانە، چونکە بوونی هەر نایەکسانییەك وەك پشتیوان و پارێزەری نایەکسانییەکی دیکە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا ڕۆڵی ئەفسوناوی دەگێڕێت، پلەدوویی ژنان و پلەدوویەکانی دیکە، مسۆگەرکەری ناهوشیاریی و ناکۆکی و پرشوبڵاوی چینایەتی ژێردەستان لە بەرامبەر هێزی ڕێکخراوی چەوسێنەران لە پارت و پارلەمان و دەوڵەتدا، دەکات و هەموو کاردانەوەیەکی پاسیفیستی و نیگەتیف، خۆبەخۆ ئاو بە ئاشی سەروەریی چینایەتیدا دەکات.

بەداخەوە ڕەخنەی زۆرینەی ژنانی ناڕازی لە هەرێمی کوردستاندا نەیتوانیوە سنووری پێکهاتە قووچکەیی و دەسەڵاتەکان ببڕێت و ئاسۆی کۆمەڵگە و پێکهاتەی ناقووچکەیی ببینێت. هەر ئەم هۆکارەیە، کە ئاوای کردووە ژنانی ناڕازی لە بازنەی بازبازێنی نێوان پێکهاتە قووچکەییەکاندا بسووڕێنەوە و لە باشترین باردا ئاو بە ئاشتی پارت و ئاراستەیەکی دیکەی دەسەڵاتخوازدا بکەن.

**ستەم ڕەگەزیی لە ژنان، ستەمێکی کولتووریی و ڕامیاریی و ئابووریی سیستماتیکە نەك ستەمگەریی سەرشێتانەی پیاوان**

هەڵوەشاندنەوەی سێنتریزمی پیاو [سێنتەربوونی پیاو لە هاوکێشەکاندا] وەك بوونێکی کولتووری و ڕامیاریی، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی بوونی کولتووری و ڕامیاریی ژن مەیسەر دەبێت، نەك بە سێنتریزەکردنی ئەو بوونە کولتووریی و ڕامیار ەی کە هاوکات بەرتەری بە بوونە پیاوییەکە .ەدات بۆ سەروەریی کەمینەیەك لە پیاوانی دارا؛ لێرەدا مەبەست لە دارابوون تەنیا دارای دراو و سامان نییە، بەڵکو دارابوونی دەسەڵات و پێگەی ڕامیارییە، کە سیستەمی چینایەتی بە ئەوانی دەبەخشێت و کولتوور و ڕامیاریی دوو پایەی سەرەکی ڕاگرتنی ئەو سیستەمەن.

بۆ تێگەیشتن لەم هاوکێشە، با بەم پرسیارە دستپێبکەین: ئایا بەبێ هەڵوەشاندنەوەی خودی ژنبوون وەك شوناسێکی کولتووری و ڕامیاریی، هەڵوەشاندنەوەی پیابوون وەك شوناسێکی کولتووری و ڕامیاریی مەیسەر دەبێت؟

ئەگەر وەڵام بەم پرسیارە، نەخێرە، ئەی فێمینیستەکان چۆن و بۆچی دەخوازن بە گەڕانەوە بۆ سەر "ژن"بوون [بۆ سەر ئەو شوناسە کولتوورییە] گاری ژن مەیسەربکەن ؟

ئەمە دەقاودەق لاساییکردنەوە یا پەیڕەوکردنەوەی هەمان چارەسەری ئایدیۆلۆجیە، کە تاکی ژێردەست و ستەملێکراوی بازنەیەکی کولتووری مانای بۆ دەبات و ڕەدووی دەکەوێت؛ واتە گرێدانەوەی ڕزگاری نیشتمانی لە داگیرکەر بە بوون و پێشمەرجبوونی دەوڵەتێك یا بەدەوڵەتبوون، لە کاتێکدا ستەمێك کە لە خۆی دەکرێت، سەرچاوەکەی بۆ پاوانگەریی دەوڵەتە گشتگیر و سەرتاپاگیرە چێبووەکان، کە لەسەر بنەمای ناسیونالیزەوون پاگەندەی ڕەوایەتی خۆیان دەکەن .ەگەڕێتەوە، بەواتایەکی دیکە خودی بوونی دەوڵەت/ سەڵاتی سەرووزخەڵکی/ سەروەریی وەك پێکهاتەیەکی سەرتاپاگیر، ئامرازی مسۆگەرکردنی ژێردەستەیی ئەوانەی دیکەیە.

وەك دەبینین و دەزانین، کە ژنبوون و پیاوبوون پێش ئەوەی دوو بوونی ڕەگەزیی جیاوازبن لە تایبەتمەندی سێکسیی و پێکهاتەی جەستەییدا، ئەوا دوو شوناسی کولتوورین و لە بەرامبەر هاوواتای لاوازبوون [ژنبوون]دا، هاوواتای بەهێزبوون [پیاوبوون] هەیە، ئەم دوو شوناسە کولتووری ، وەك شوناسە دەستکردە کولتووریی و ڕامیارییەکانی دیکە، تەنیا بە لەنێوبردنی شوناسە مرۆییەکەمان توانیوویانە جێگیربن و لێرەشەوە پیاوبوون یەکسانکراوە بە مرۆڤبوون. ئیدی چۆن بە گەڕانەوە بۆ سەر هەمان شوناس "ژنبوون"، دەتوانرێت ڕزگاری بەدیبهێنرێت، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی دروستە، واتە بەدەستهێنانەوەی شوناسە گەردوونییەکە [مرۆڤبوون].

بۆ ئەوانەی کە سەرپێییانە وەڵام بە پرسیارەکە نادەنەوە، بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە نەرێییە، بەڵام ئەمە خاڵی سەرەتای کار و تێگەیشتنە لە پرسیارەکە، چونکە بە ەرێی وەڵامدانەوە تەنیا بڕیاری وەرگرتنیمان داوە، نەك هەڵوەشاندنەوەی، بەڵام ئەوەی ئەو بوونە یا ئەو شوناسە لە کوێوە سەرچاوەدەگرێت و لە خزمەتی چیدایە و بۆچی لە هەموو قۆناخەکانی سیستەمە دەستکردەکاندا ئامادەیە، هەر لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە و بڕیاری زۆرانبازیی ڕەگەزەکان ێ سەروەربوون لە کایەی دەسەڵاتی کولتووری و ڕامیارییدا، بەردەوامی بە خۆبەرهەمهێنانەوەی ئەو شوناسانە دەبەخشێت و تەمەنی بنەماکانیان درێژتر دەکاتەوە.

لەبەرئەوە، ژنان بەبێ لەنێوبردنی پلەداریی [ئۆتۆریتە] ناتوانن زنجیرە کولتووری و ڕامیاریی و ئابوورییەکانی نایەکسانی بپچڕێن و ئازادی و یەکسانبوونیان بەسەر کۆمەڵگەدا و لەنێو پەیوەندییە بەکاندا بسەپێنن، هەر بۆیە بەبێ ڕسواکردن و نەفرەتکردن لە دەسەڵاتخوازیی و بەرژەوەندیخوازیی فێمینیستانی ئۆتوریتەگەر، ئەوانەی کە لەم ڕۆژەدا دەیانەوێت سەرمایەگوزاری ڕامیاریی و سیی بەسەر بزووتنەوەی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ژنانەوە بکەن، ئەستەمە بزووتنەوەکە بتوانێت لە سوڕانەوەی نێو بازنەی بۆشی نەبوونی خۆهوشیاریی و ئامادەیی خۆڕزگاریی ژنان و پاشکۆیی بۆ پارتە ڕامیارەکان و ەسەڵات و ڕێکخراوە نافەرمانداریيەکان [NGO کان] دەربچێت و پێ تە قۆناخی سەربەخۆبوونەوە ...

بە ێورتی بە بۆچوونی من، ەر کەس تەنیا دەتوانێت خۆ ڕگارگەری خۆی بێت، تەنیا لە یەکگرتنی هوشیارانەی خۆڕزگارکەرەکاندا، ڕزگاری ڕەگەز یا چین لە ژێردەستەیی مەیسەردەبێت. ئەوانەی کە پاگەندەی ڕزگارکردنی ئەوانەی دیکە [ژێردەستان؛ [ژنان، خەڵك، پرۆلیتاریا، مرۆڤایەتی] دەکەن، کەسانی ڕامیارن و پیشەیان ڕامکردنی خەڵکە بە ئایدیۆلۆجیایەك ێ سەروەریی خۆیان، کە تەنیا لەو ڕێیەوە دەتوانن ڕەزایەتی و خەونەکانی [ژنان، خەڵك، پرۆلیتاریا، مرۆڤایەتی] بکەنە پەیژە بۆ گەیشتن بە ناوباگ و کورسی پارلەمان و مشەخۆریی وخانەنیشینی پاشایانە و پلەکانی دەسەڵاتداریی و ەوڵەت!

************************************************************************

www.hezheen.tk

* ئەم بابەتەش پار [٠٩ی مارجی ٢٠١٣] نووسیومە، لەبەر بڵاوکردنەوەی بابەتی "یاداوەرییەکانی ٨ی مارچ" مایەوە بۆ ئەم ساڵ و ئەم ڕۆژانە و بواری گەڕانەوە بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوەیم بۆ ڕەخسا.

** بە درێژایی تەمەنی بزاڤی چەکداری لە کوردستانی بەشی عیراقدا لە ناوچەکانەی ژێردەستی هێزەکانی (پدکع) ـە ١٩٦١-١٩٧٤، ناوچەکانی ژێر دەستی ـووسینگەی ڕامیاریی (جیابووەکانی پدکع) ١٩٦٣- ١٩٧٠ و دواتریش پاش سەرهەڵدانەوەی بزاڤی چەکداری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ینك) و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پدکع) بەرەی (جود) و (جوقد) ا ژنان لەلایەن ئاخاکان و کەسوکاریيانەوە کوژراون و هەروەها ئەو کچ و کوڕانەی کە لەبەر هەڕەشەی ڕژێمی بەعس یا سەرۆکی چەکدارە بەکرگێراوەکان و کەسوکاریيانەوە هەڵدەهاین، لەلایەن پێشمەرگەکانی ئەو لایەنانەوە دەکوژران. دواتریش لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا هێزەکانی بەرەی کوردستانی دەستبەجی کەوتنە تیرۆری ژنان و لەو کاتەوە تا ئەم ڕۆژە هەزاران ژن ەشەکوژی و کوژراون، تا پێناوێك بۆ پلەدوویی و ژێردەستی مرۆڤەکان هەبێت، ژنان و تاکە بێدەسەڵاتەکانی دیکە هەر دەکوژرێن.